# هەر ئەو شەوە بە دڵم پەیکەرم بۆ دروستکردیت

**(بۆ مەرگی منصور حکمت)**

شەوی ٥\١٤ سەعات: یەك چارەك لە دوانزە لای دابوو، پێش ئەوەی بنووم، بۆ دواجار چوومە سەیری نامەکانم، پەیامێکی ترسناك کەوتە بەر دیەم:(کام مۆمی ژیان کوژایەوە!)، دڵم خورپەی کرد، زانیم کام مۆم، کام مەشخەڵ کوژایەوە! بە خوێندنەوەی پەیامەکە بەرچاووم لێڵ بوو، وشەکان لە نێو گۆمی چاوما یاریبان ئەکرد، وەك ساوایەك کە نەزانێ چی ڕوویداوە، نە ئاگای لە هەواڵ، نە لە من بوو! ئای چ شەوێکی پڕ لە ڕەنج بوو!

نازانم ژوبین بە تەنها ڕۆی، وەیان ئێمە بە تەنها ماینەوە! وەصفی ئەو مەزنە پێویست ناکات، چونکە ئەو چارەکە سەدەیەکە منصور دروست ئەکات! بۆیە کەسمان ناتوانین وەك ژوبین وەصفی منصور کەین!

بۆیە منیش بڕیارمدا کە پەیکەرت بۆ دروستکەم. گەڕام.. ویستم پەیکەری بەرد و برۆنز نەبێ، گەڕام ..دڵی خۆمم دۆزییەوە .

هەر ئەو شەوە بە دڵم پەیکەرم بۆ دروست کردیت.

سالار ڕەشید

٢٠٠٢/٧/١٠